# پەرچەمی ناڕەزایەتی دژ بە گەندەڵی، بە گەندەڵی یەکگرتووی ئیسلامی لە بار نابرێت!

یەکگرتووی ئیسلامی لە ساتە وەختی ئێستای هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستاندا، کە بەناو" هەڵبژاردنێك" لە ناوەراستی مانگی داهاتودا بەرپادەکرێت، بە لیستێکی سەربەخۆو بە جیا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری دەکات، دەیەوێت لە ژێر ناونیشانی دروشمی " دژی گەندەڵی"دا سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان ببێت و بەم پێیەش ناوەرۆکی عادلانەو ئینسانی و شارستانی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە باربەرێت و بیخاتە گۆڕەوە. یەکگرتووی ئیسلامی خۆی لە بناغەوە لە سیستەمی فکری و سیاسی خۆیدا هێزێکە گەندەڵی بلاودەکاتەوە. هێزێك کە مندالأنی 6-7 سالْ بەشەوانە بەرەو مزگەوتەکان راپیچ بکات و دەرسی تیرۆریان دابات، هێزیك کە تریبۆنی مزگەوتەکانی کردۆتە بانگهێشەی فتواچیانی تیرۆر، هێزیك کە لەسەر سکی برسی مندالان و لاوان و ژنان و گەورەسالانی کوردستان و بە پارەو پۆلی وولاتانی کەنداو سەرچاوە نادیارەکانی ئیمکاناتی مالی لە شەری نێو خۆی نێوان یەکێتی و پارتیدا خۆی پان و پۆڕ دەکاتەوە، هێزیك کە تەوقەکردن لەگەل ژناندا بە" حەرام" دەزانێت، هیزێك کە تەواوی بیرو سیاسەت و بەرنامەکەی بۆ لاوان و ژنانی کوردستان و تەواوی خەڵك، لە وەدا خۆلاسە کردبێتەوە کە "کۆیلە بن"، هێزیك کە لە سالأنی نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا، هەزارەها ژنی کوردستانی بە پارەوپول کردە "حیجاب پۆش" وە هێزیك کە جگە لە مزگەوت کردنەوەو منارە بەرزکردنەوەو بلاوکردنەوەی ترس و جەهل لە کوردستاندا هیچی دیکەی پێشکەش بە خەڵك نەکردبێت، وە سەرەڕای هەموو ئەوانەش یەکگرتوویی ئیسلامی لەماوەی 12 ساڵی ڕابوردودا بەشێك بوە لە پرۆسەی دەسەلاتدارێی کورد و بەشدار بوە لە کابینە وزاریەکان و پەرلەمانەکەیانداو لەو گەندەڵیەی کە هەیە، دەبێت چ کەس و ئینسانێك بە دروشمی کەمپینی "هەڵبژاردنی" ئەم هێزە گەندەڵە چەواشە بکرێت.

بەلأم واقعیەتی گەندەڵی لە نێو هەردوو هێزی دەسەلاتداری کوردستان و هەردوو ئیدارەکەیدا، عادەتێکی حاشاهەڵنەگرەو گەیشتۆتە سەر مۆخ. گەندەڵیەکی سیستماتیك، کە لەساتەوەختی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991وە دەستیپێکردوەو تا ئێستا قولترو فراوانتر دەبێتەوە. ئەودیوکردنی تەواوی بنەما ئابورییەکانی کوردستان بۆ ئێران و بۆ تورکیا، خواردنی سەرەوەت و سامانی خەڵکی کوردستان و حەقە بەشی خەڵکی کوردستان لە بڕی دیاریکراوی بودجەیەك کە بەپێ ی بڕیاری 986ی شورای ئاسایشی نێودەوڵەتی دانرابوو، هەروەها خواردنی حەقە بەشی خەڵك کە لەلایەن دەوڵەتی ئێستای عێراقەوە دانراوە بۆ کوردستان. دابین نەکردنی کارەبا و ئاوو سوتەمەنی و ڕیگاو بانی گونجاوو خەستەخانەو قوتابخانەکان و هەروەها گوێنەدان بە خواستی لاوان لە دابینکردنی مەلەوانگەو گۆڕەپانەکانی وەرزشی کچان و کوڕان و لەلایەکی دیکەوە هەژاری زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییە پیشەییەکان لە لابراتۆی و پێداویستی زانستی نوێ و هاوچەرخ و هۆلەکانی خوێندنەوەو ئەنتەرنێت و کتێبخانەکان و تەنانەت لە ئاوو کارەبا. کەمی موچەو دەرماڵەی فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکاران. بەخشینی بڕوانامەکانی ماجستیرو دکتۆرا بەهۆی پلەو پایەی حزبی و بە پشگیری کۆمیتەکانی قوتابیان و خویندکاران و وەرگرتنی تایبەتی لە زانکۆکان لە ڕێگای خزمایەتی و نزیکایەتی لە بەرپرسە حزبیەکانەوە..... . بەرزبونەوەی کۆشکی سپی بەرپرسان و گەوەربونی گەرەکەکانی فرعەوناواو بەهەشتاوا لە شارەکانی هەولیرو سلێمانی و دهۆك و هەندی لە قەزاو ناحیەکان و تەنانەت جێگا دورەکان لە چاوی خەڵکەوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش ترس و تۆقاندن و چاو سورکردنەوەو هەرەشەی دەرکردن لەسەرکارو زیندانیکردن و تەقەکردنیش لە نارازیان بەم واقعیەتە.

بەلأم وەلأمی دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کوردو رۆشنبیرانی بەرانبەر بە یەکگرتوو دروشمە فریوکارانەکەی لەوە سەیرترە، کە کۆمەڵی ئیسلامی خستۆتە نێو هاوپەیمانیەتی خۆی لە کاتێکدا بۆیان رۆشنە کە بەندو بەست و هاوبەندی ئەم دوهێزە زۆر لەوە ئامانجدارترو ئیستراتیژی ترە، کە لە کەمپینێکی هەڵبژاردندا بکرێت لێك جیابکرێنەوەو لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا یەکێکیان جوانترو"خۆیی" تر نیشان بدرێت. ئەمە بەردەوام نەریتێکی نەزۆکی ناسیونالیزمی کوردبوە بەدرێژایی خەباتی دەیان ساڵەیان، کە هەمیشە بەزەرەری خەڵکی کوردستان تەواوبوە.

پۆزی یەکگرتووی ئیسلامی و خۆجیاکردنەوەیی و دابەزینی بە لیستی سەربەخۆو تەنانەت بەرزکردنەوەی دروشمی" گەندەڵی " لە هەلومەرجێکدا دەچێتە پێشەوە، کە تەواوی کۆمەڵگای عێراق لەسایەی داگیرگاری ئەمەریکادا بارگەی ئیسلامی کراوەو بەتایبەت کە ئەمجارەیان و لە بەناو هەڵبژاردنی داهاتوودا ئیسلامی سیاسی سوننی بە گوڕو تینێکی زیاترەوە هاتۆتە مەیدان و بەم پێیەش یەکگرتوو دەیەوێت بە نەشئەی مەرکەزەوە نفوزی دەسەلاتدارێتی خۆی لەکوردستاندا بەرجەستە ترو زیاتر بکات، لە حالێکدا کە باهۆزی دیموکراتیەکەی ئەمەریکا مۆری پشتگیری خۆی لەم جۆرە "ئیسلامی سیاسیانە" داوە.

خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوانی کوردستان، کە خواست و داواکاری بەرحەق و ئینسانیان لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیاندا بەرزکردۆتەوە، کە تا سەر دژ بە گەندەڵی ئیداری و سیاسی و کۆمەلایەتین، کە تینوی ئازادی سیاسی و مەدەنی و فەردین و کە هیواو ئارەزوەکانیان لە دەستەبەرکردنی مەدەنیەت وکۆمەلگایەکی شارستانی و ئازاد دا خۆلاسە دەبێتەوە، کە خواستی جیابونەوەی کوردستان خواستی سەرەکیانە، پێویستە لەسەریان کە بەتوندی بەگژ ئەم پروپاگەندانەی یەکگرتوویی ئیسلامیدا بچنەوەو ڕیگایان پێنەدەن، کە سیاسەتی چەواشەکارانەو فریوکارانەی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن. بەردەوام بون لە خەباتی ڕەوایان و یەکگرتوبون و ڕیکخراوبونیان وەلأمێکی دروست و ئازادیخوازانەی لاوان و خەڵکی کوردستانە، بە پروپاگەندە چەواشەکارەکانی یەکگرتوویی ئیسلامی.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/11/29